# دیدارێك لەگەڵ قوبادی جەلی زادە

## قوبادی جەلی زادە: هەموو ئەدیب و هونەرمەندە داهێنەرەکان، پرۆژەیەکی هەمیشەیین بۆ" خیانەت!!؟ "

ئەنجامدانی: عومەر کەریم بەرزنجی

شاعیری گەورەو بەڕێز مامۆستا (قوبادی جەلی زادە) یەکێکە لەو دەنگە شیعریانەی تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو ژن پانتاییەکی بەر فراوانی لە شیعرەکانیدا داگیر کردووە، بەمەبەستی پەیبردن بەدنیای شاعیر چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێزیان کردوو بەم جۆرە وەڵامی داینەوە:

**پ/ ڕاسپۆتین دەڵێ ( حەزم ئەکرد هەموو ژنە جوانەکانی دنیا هی من بوونایە) ئایا خەونێکی لەو جۆرەتان نییە؟**

**و/ من لەگەڵ بەموڵك کردنی جوانی نیم خۆ ژنە جوانەکان کۆمەڵێك کەناری نین تا بیانخەینە نێو قەفەزی موڵکایەتییەوە و لەماڵەکانی خۆماندا هەڵیان واسین، جوانی باخێکی گشتییە هەمومان بۆمان هەیە بچینە ناویەوە بەمەرجێ گوڵەکان نەژاکێنین، وەك چۆن قەت ئارەزووی کۆکردنەوەی پوولم نەبووە، ئاواش حەز لەکۆکردنەوەی ژنە جوانەکان ناکەم، من لەم ئەستێرەی پڕلە سەدان ملیۆن ژنەدا، تەنیا ژنێك و تەنیا عەشیقێکم بەسە.**

**پ/ ئەگەر تۆ دەسەڵاتدار بیت و لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆتدا، دوو عاشق خەڵتانی خوێن کرێن لە لایەن پیاوانی خێڵەوە ئایا چۆن سزای تاوان بارەکان دەدەی ؟**

**و/ بەر لەخوێن ڕشتنی دوو عاشق، هەر لەیەکەم چوونە سەر کورسی دەسەڵاتەوە، لەڕەگەوە هەموو ئەو قوڵ و باسکانە هەڵدەکەنم، کە خاوەنەکانیان بیر لەکوشتنی دوو عاشق دەکەنەوە.**

**پ/ هەست ناکەی لە شیعرەکانتا، ژنت لەبەها ئینسانیەکان ڕووت کردۆتەوە؟**

**و/ من ژنم لەماسك و جل و بەرگە ساختەکان ڕووت کردۆتەوە، نەك لەبەها ئینسانیەکان... من مامەڵە لەگەڵ ژندا دەکەم وەك کەهەیە نەك وەك ئەوەی کۆمەڵێکی دواکەوتوو دەیەوێ.**

**پ/ ئەتوانی باسی ماوەی هەرزەکاریتمان بۆبکەی، ئەوەی لەو ماوەیەدا هەراسانی کردبووی چیبوو؟**

و/ نەمدەزانی لەشەڕی دەستەو یەخەی خۆشەویستی ژن و خۆشەویستی نیشتماندا کام سەنگەر هەڵبژێرم.

پ/ باشە کاتێك سنووری هەرزەکاریت بڕی، کام سەنگەرت هەڵبژارد؟

و/ کە لەمەرزەکانی هەرزەکاری پەڕیمەوە، ئاشتم کردنەوە!

پ/ لە شیعرێکدا دەڵێی:

ئاخ ژنەکەم

چەند کلۆڵی

چەند بەستە زمانی

دەساڵە سەربەسینگی مێردێکی خائیندا دەکەیت و

نازانی.

ئایا بەڕاستی ئێوە پیاوێکی خائین بوون بەرامبەر بە ژن؟

و/ هەمووئەدیب و هونەرمەندە داهێنەرەکان، پڕۆژەیەکی هەمیشەیین بۆ ( خیانەت!!؟) بەڵام بەدیوە جوانەکەی.

پ/ نزار قەبانی دەڵێ ( خۆشەویستی تاقە زانستێکە، هەتا مەلەی تێدا بکەی جەهلت زیاتر دەبێ) لەم بارەیەوە دەڵێی چی؟

و/ نەزار هەر لە تەنکاوەکانی خۆشەویستیدا مەلەی کرد، ئەو مەلەوانێکی ترسنۆك بوو، نەیوێرا بەقوڵییەکانی ڕۆحی ژندا شۆڕبێتەوە بۆیە دەستی نەگەیشتە ئەو ڕەوەزە مەرجانەی کە قوبادی جەلی زادە پێی گەیشت. ئەو لەدەرەوەی پێستی ژن مایەوە.

پ/ ژن چی پێبەخشیت و چی لێ سەندیت؟

و/ لەهەوەڵەوە لەگەڵ ژندا لەسەرئەوە ڕێککەوتین، کەئەو هەتا هەتا بێت جوانی و خۆشەویستیم پێ ببەخشێت، منیش خۆبەخت کردن و شیعری پێببەخشم.

پ/ جوانترین شیعرت لەچی دەچێ؟

و/ لە نەرمە غارێکی ماین.

پ/ خۆشەویسترین کەس بەلاتەوە کێیە؟

و/ "گوڵێك" کە لەباخچەیەکی گشتییەوە ماڵی گوێزایەوە بۆ ئینجانەی دڵ و لەوێشەوە بۆ وڵاتی بەفروتاریکی.

پ/ ژنێکی دەستەمۆو گوێڕایەڵت خۆشدەوێت یان ژنێکی سرك و یاخی؟

www.kurdistannet.org
30-4-2003 22:22

و/ شاعیرێك دەڵێت ( كە مۆمەكان دەكوژێنەوە، هەموو ژنەكان جوانن) .

پ/ ئەی جوانترین ژن كامەیە؟

و/ ئەو ژنەی لەگەڵیدا دەنووی.

پ/ لە هەرزەكاریتدا لاوێكی شەرمن بوویت یان بزێو بەرامبەر بە ژن؟

و/ ئەوساو ئێستاو هەمیشە شەرمن. شەرم كردن لە ژن شەرم كردنە لە شەهید.

پ/ تۆ باوكێكی دڵ ڕەقیت یان نەرمونیان؟

و/ كەمێك لە لۆكە ڕەقترو تۆزێكیش لە ئاوریشم نەرمتر!!

كوردستان نێت www.kurdistannet.org